بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقــايعی کــوردستان

ڕۆژنامــەی ڕەســمیی حکــومەتی هەرێمی کوردســتانە / وەزارەتــی داد دەری دەکــات

ژمــارە (٦٨) ساڵی شەشەم ٢/ ٧ /٢٠٠٧ ی زاینی (١١) ی پوشپەڕ ٢٧٠٧ ی کــوردی (١٧)ی جەمادی یەکەم ١٤٢٨ ی کۆچی

68

لەم ژمــارەيــەدا :

✲ **یاسای ژمارە( ٢ )ی ساڵی ٢٠٠٦** ل ١

یاسای وەزارەتی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

✲ **یاسای ژمارە( ٣ )ی ساڵی ٢٠٠٦** ل ٦

ڕاگرتنی کارپێکردن لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق بە بــــڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوەی ژمارەی (١٦٣١ لە ١٩٨٠/١٠/٣٠) و (١١٣٣ لە ١٩٨٢/٩/٢).

✲ **یاسای ژمارە( ٧ )ی ساڵی ٢٠٠٦** ل ٨

یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەندووقی خانەنشینی پارێزەرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩.

✲ **یاسای ژمارە( ٨ )ی ساڵی ٢٠٠٦** ل١١

یاسای وەزارەتی وەرزش ولاوانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

✲ **یاسای ژمارە( ١٠ )ی ساڵی ٢٠٠٦** ل١٨

یاسای دەزگای گشتی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

✲ **ڕێنمایی ژمارە ( ١ ) بۆ ساڵی ٢٠٠٧** ل٢٦

دەستەدانەی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

http//:dad٤kurdistan.com
E-mail: waqaea@yahoo.com

ناونیشــان : هــەولێر باڵەخــانەی وەزارەتی داد.
☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨ )

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقـــائع كــوردستان

الجريـدة الرسـمية لحكـومة أقليم كوردسـتان العـراق – تصـدرها وزارة العـدل

العـدد ( ٦٨ ) السـنـة السابعة ٢/٧/٢٠٠٧م ( ١٠ ) ( ١١ )پـوشپـەڕ ٢٧٠٧ ك ( ١٧ ) جمـادي الأول ١٤٢٨ هـ

## فـي هـذا العـدد :

**✵ قانون رقم ( ٢ ) لسنة ٢٠٠٦** ص ٣٠

قانون وزارة البلديات لاقليم كوردستان ـ العراق.

**✵ قانون رقم ( ٣ ) لسنة ٢٠٠٦** ص ٣٥

إيقاف العمل في اقليم كوردستان ـ العراق بقراري مجلس قيادة الثورة (المنحل) المـرقـمـين (١٦٣١ فـي ٣٠/١٠/١٩٨٠) و (١١٣٣ فـي ٢/٩/١٩٨٢).

**✵ قانون رقم ( ٨ ) لسنة ٢٠٠٦** ص ٣٩

قانون وزارة الرياضة والشباب لاقليم كوردستان ـ العراق

**✵ قانون رقم ( ١٠ ) لسنة ٢٠٠٦** ص ٤٥

قانون المؤسسة العامة لشؤون الالغام في اقليم كوردستان ـ العراق.

**تعليمات ( ١ ) لسنة ٢٠٠٧** ص٥١

ممارسة الاجانب العمل في اقليم كوردستان– العراق.

http://dad-kurdistan.com
E-mail: waqaea@yahoo.com

☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨ )

**بەناوى خواى بەخشندە و ميهرەبان**

**هەرێمى كوردستانى عێراق**
**سەرۆكايەتى هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوى گەلەوە**
**بڕيارى ژمارە ( ٤ )لە ساڵى ٢٠٠٧**

## ياساى ژمارە( ٢ )ى ساڵى ٢٠٠٧
## ياساى وەزارەتى شارەوانى يەكانى هەرێمى كوردستان ـ عێراق

بە پێى ئەو دەسەلاتەى لە برگەى (١) ى ماددەى (١٠) ى (ياساى سەرۆكايەتى هەرێمى كوردستان – عێراق)ى ژمارە (١)ى ساڵى ٢٠٠٥ پێمان دراوەو، بە پاڵپشتى ئەو ياساكارى يەى ئەنجومەنى نيشتمانى كوردستان – عێراق لە دانيشتنى ژمارە (٣)ى رۆژى (٢٠٠٧/٤/٢) ى خۆيدا كردويەتى بريارمان دا به دەركردنى .

## ياساى ژمارە( ٢ )ى ساڵى ٢٠٠٧
## ياساى وەزارەتى شارەوانى يەكانى هەرێمى كوردستان ـ عێراق

**ماددەى يەكەم:**

مەبەست لەم زاراوانەى خوارەوە، بۆ مەبەستى ئەم ياسايە ماناكانى بەرامبەريانە:

**يەكەم**: هەرێم : هەرێمى كوردستان– عێراق .
**دووەم**:وەزارەت : وەزارەتى شارەوانيەكانى هەرێم.
**سێيەم**: وەزير : وەزيرى شارەوانيەكانى هەرێم.
**چوارەم**: بريكارى وەزارەت : بريكارى وەزارەتىشارەوانيەكانى هەرێم.
**پێنجەم**: ئەنجومەن: ئەنجومەنى ڕاوێژكاريى وەزارەتى شارەوانيەكانى هەرێم.

## - ئامانجەكانى وەزارەت -

**ماددەى دووەم:**

ئامانجى وەزارەت ئەمانەى خوارەوەيە:

ئەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كوردستان

**يەكەم**: پێشكەش كردنى خزمەتگوزارى خۆجێيەتى وشارەوانى بۆ دابين كردنى پێويستيەكانى دانيشتوان لە ئاوى پاك وئاوەڕۆ وئاوى باران ودروستكردنى

www.mojkurdistan.com

ڕێگـــاوپرد وتونێـــل لـــەناو ســـنووری شـــارەوانییەکان و بەرزکردنـــەوەی ئاســـتی خزمــەتگوزاریی هەمــەجۆری شــارەوانی لــە ڕووی چــەندیی وچــۆنییەوە تــاکو شــارو شارۆچــکە وگونــدەکان دەگرێتەوە،لەگــەڵ دابــین کردنــی پێویــستیەکانی هاونیــشتمانیان لە سەیرانگاو یاریگاکان.

**دووەم:** پلانــدان وبــەڕێوەبردن وڕاپەڕانــدنی کــارو ئەرکــەکان بــەجۆرێکی وا دەگرێتــە ئەســتۆ کە بەشداریی لــە خولقانــدنی گەشــە ســەندنی ئــابووری خۆجێیــەتی بکــات، ئەمــەش لــە ڕێگــەی گرتنــە بــەری سیاســەتێکی کــارا دەبــێ بــۆ بــەکارهێنانی زەوی ونەخشەکێــشانی بیناسازیی وئاوەدانی.

**سـێیەم:** ئامــادە کردنــی ئاووهــەوای لــەبار بــۆ پارێزگــاریکردن لــە ژینگــەی پــاك ودروســت وگرنگیدان بە ناوچە سەوزەکان لەشارو شارۆچکەکاندا.

**چـوارەم:** کــارکردن لــە پێنــاوی هێنــانی ســەرمایە وهانــدنی وەبــەرهێنانی بیــانی وخۆجێیــەتی لــە کەرتــەکانی پەیوەندیــدار بــەکارەکانی وەزارەت وئەمــەش بــە هــاو ئاهــەنگی لەگــەڵ دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمدا دەبێت.

## پێکهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی سێیەم:**

**وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێکدێ:ـ**

**یەکــــەم: وەزیــر:** ســەرۆکی بــاڵای وەزارەتــە وبەرپرســە لــە کارەکــانی وئاراســتەکردنی سیاســەتەکەی دا وسەرپرشــتی وچــاودێری چــالاکییەکانی دەکــات وهــەر لەویــشەوە ئــەو بڕیــارو فــەرمان ورێنماییانــە دەردەچــن کــە پەیوەنــدییان بــە ئەرکــەکانی وەزارەت ودەزگاکانیــەوە لــەڕووی هونــەیی ودارایــی وکــارگێڕیی وڕێکخــستنەوە هەیــە بــەپێی حوکمــەکانی یاســا وبەرپرسیــشە بەرامبــەر ئەنجومــەنی وەزیــران بــەو پێیــەی کــە ئەندامێکی هاوکارە لــەو ئەنجومەنــەدا وبــۆی هەیــە هەنــدێ لــە دەســتەڵاتەکانی بــدات بــە بریکــاری وەزارەت یــا بەڕێوەبەرەگــشتیەکان یــان ئــەوەی لــە وەزارەت دا بەشــیاوی دەزانێ.

**دووەم: بریکــاری وەزارەت:** یارمــەتی وەزیــر دەدات لــە ئاراســتەکردنی کاروبــاری وەزارەت وسەرپەرشــتی کاروبارەکــانی لــە چوارچــێوەی ئــەو دەســتەڵاتانەی کــە لەلایــەن وەزیرەوە پێی دەدری ودەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت، و پسپۆڕ بێ.

**سـێیەم: نووسـینگەی وەزیـر:** فەرمانبـەرێك سـەرۆکایەتی دەکـات و بـەڕێوەی دەبـات کـە بـە

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــوردستان
www.mojkurdistan.com

پلــەی بەڕێوەبــەر بێــت وبڕوانامــەی بــەرایی زانکــۆی هــەبێت و چــەند فەرمانبــەرێك یاریدەی دەدەن.

**چــوارەم:نووســینگەی بریکــاری وەزارەت:** فەرمانبــەرێك ســەرۆکایەتی دەکــات و بــەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وچەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم:بەڕێوەبەرایەتیەکانی مەرکەزی وەزارەت:**

١- بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.

٢- بەرێوەبەرایەتی چاودێری.

٣- بەرێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن.

٤- بەرێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان.

٥- بەرێوەبەرایەتی بانکی زانیاریی.

٦- بەرێوەبەرایەتی پەرەپێدانی کارگێڕی وهونەریی.

٧- بەرێوەبەرایەتی ژینگە.

**شەشــەم:ڕاوێــژکاران:** ژمارەیــان لــە چــوار زیــاتر نــابێ ودەبــێ بڕوانامــەی بــەرایی زانکۆیــان هــەبێت وخــاوەنی شــارەزایی و کارامــەیی بــن و پــسپۆڕییەکەشیان لەلایــەن وەزیــرەوە دەسنیشان دەکرێ.

**حەوتــەم: بەڕێوەبەرایــەتیی گــشتیی کــارگێڕیی و دارایــی:** بەڕێوەبــەرێکی گــشتی ســەرۆکایەتی دەکات کــە خــاوەنی بڕوانامــەی بــەرایی زانکــۆ بێــت وخــاوەنی شــارەزایی وکارامــەیی بێت.

**هەشتەم: بەرێوەبەرایــەتیی گــشتی پلانــدان وبەدواداچــوون:** بەڕێوەبــەرێکی گــشتی ســەرۆکایەتی دەکــات کــە بڕوانامــەی بــەرایی زانکــۆی هــەبێت وخــاوەنی شــارەزایی وکارامــەیی بێت.

**نۆیــــەم: بەرێوەبەرایــــەتی گــــشتی بــــۆ نەخشەکێــــشانی بیناســــازیی:**بەڕێوەبــــەرێکی گــــشتی ســـەرۆکایەتی دەکـــات کـــە بڕوانامـــەی بـــەرایی زانکـــۆی هـــەبێت وخـــاوەن شـــارەزایی وکارامەیی بێت.

**دەیــــەم:**بەڕێوەبەرایــەتی گــشتی پڕۆژەکــان:بەڕێوەبــەرێکی گــشتی ســەرۆکایەتی دەکــات کــە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وکارامەیی بێت.

**یازدەم:بەڕێوەبــەری گــشتی ئــاوو ئاوەڕۆکــان:** بەڕێوەبــەرێکی گــشتی ســەرۆکایەتی دەکــات کــە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وکارامەیی بێت.

**دوازدەم:بەڕێوەبــەری گــشتی شــارەوانیەکان لــە پارێزگاکــانی هــەرێم دا:** هــەر یــەك لەوانــە بەڕێوەبــەرێکی گــشتی ســەرۆکایەتی دەکــات و بــەڕێوەی دەبــات کــە بڕوانامــەی بــەرایی زانکۆی هەبێت وپسپۆڕوخاوەن شارەزایی وکارامەیی بێت.

**سێزدەم:سەرۆکایەتی شارەوانی لـە مەرکـەزی هـەموو پاریزگایـەك لـە پاریزگاکـانی هـەرێم:** لـە هــەر پارێزگایــەك ســەرۆکێکی شــارەوانی هەڵبــژێردراو ســەرۆکایەتی دەکــات بەپلــەی بەڕێوەبەری گشتی.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی چوارەم:**

**یەكەم:** وەزارەت ئەنجومەنێكی راوێژكاری دەبێ ولەمانەی خوارەوە پێكدێ:

**١- وەزیر:** سەرۆكە.

**٢- بریكــاری وەزارەت:** جێگــری ســەرۆكە ولــەكاتی ئامــادە نــەبوونی ســەرۆك سەرۆكایەتی ئەنجومەن دەكات.

**٣ــ نوێنــەری ئـەو وەزارەتانــەی پەیوەندیـدارن بەمـەرجێك پلــەیان لـە بەڕێوەبـەری گـشتی كەمتر نەبێ :** ئەندامن.

**٤- بەڕێوەبەرە گشتیەكان لەوەزارەت** ئەندامن.

**٥- هــەر راوێــژكار یــا شــارەزایەكی پــسپۆڕ كــە وەزیــر لــەناو وەزارەت یــا لــە دەرەوەیدا هەڵیدەبژێری:** ئەندامن

**دووەم:** ئەنجومــەن راوێــژكاری راســپاردەكانی خــۆی پێــشكەش بــەوەزیر دەكــات وئەگــەر پەسندی كرد شێوەی بڕیاری وەزاری وەردەگرێ.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزیــر بــۆی هەیــە گــرێ بەســت لەگــەڵ كەســی سروشــتی ومەعنــەوی خــاوەن شــارەزایی وپــسپۆڕی لــەناو هــەرێم یــا دەرەوەیــدا بكــات، تــاكو ئــەو ئــەرك وكارانــەی كــەپێیان دەســپێردرێ لەوماوەیــەی كــە بــەگونجاوی دەزانــێ ئــەنجام بــدەن لــە پێنــاوی بەجێگــە یانــدنی ئامانجــەكانی وەزارەت ومــاف وئەركــەكانیان لەلایــەن وەزیــرەوە لــە دوای وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەسنیشان دەكرێ.

**ماددەی شەشەم:**

**یەكەم:** بەپێڕەو ئەرك وتایبەتمەندییەكانی پێكهاتەی وەزارەت دەسنیشان دەكرێن.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایـەتی نـوێ یـان بـەش یـا هۆبـە لـەناو پێكهاتـەی وەزارەت دابـنێ یــان لێكیــان بــدات یــاخود هــەڵیان بوەشــێنێتەوە بــە پێــی پێویــستی كارەكــە لــەكاتی پێویستدا.

**سـێیەم:** وەزیـر بـۆی هەیـە ڕێنمـایی پێویـست بـۆ ئاسـانكاریی جێبـەجی كردنـی حوكمـەكانی ئـەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی حەوتەم:**

یاســای وەزارەتــی شــارەوانیەكان وگەشــتوگوزاری ژمــارە (١٥)ی ســاڵی١٩٩٢كــە لــە ئەنجومــەنی نیــشتمانیی كوردســتان ـ عــیراق دەرچــووە هەڵدەوەشــێتەوەو ئــەم یاســایە جێــی دەگرێتەوە.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــــوردستان

كار بەهیچ دەقێكی یاسایی یا بڕیارێك ناكرێت گەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێت.

www.mojkurdistan.com

**ماددەی نۆیەم:**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی دەیەم:**

ئــەم یاســـایە لـــە رۆژی دەرچـــوونیەوە كـــاری پێـــدەكرێ و لـــە رۆژنامـــەی فـــەرمی ( وەقائیعی كوردستان)یشدا بڵاودەكرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

**هـــــەولێر**

٢٢ / نەورۆز / ٢٧٠٧ ی كوردی .

١١ / نیسان /٢٠٠٧ ی زایینی.

٢٣ / ربیع الاول / ١٤٢٨ ی كۆچی.

**- هۆیەكانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە -**

لەبـــەر ئـــەوەی دوو وەزارەت بـــە ناوەكـــانی وەزارەتـــی شـــارەوانییەكان ووەزارەتـــی گـــشتوگوزار لـــە جێـــی وەزارەتـــی شـــارەوانییەكانی پێـــشوو دامـــەزران ودەســـتەی گەشـــتوگوزار لـــە وەزارەتـــی شـــارەوانی جـــودا كرایـــەوەو هـــەردووڵاش لـــە ئەركوفەرمانـــدا ســـەربەخۆن، بۆیـــە ئـــەم یاسایە دانرا.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیاری ژمارە (٤)لە ساڵی ٢٠٠٧**

## یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٠٧

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە برگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێمان دراوە، بە پاڵپشتی ئەو یاساکاری یەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٣)ی رۆژی (٢/٤/٢٠٠٧) ی خۆیدا کردویەتی بریارمان دا بە دەرکردنی .**

# یاسای ژمارە (٣) ساڵی٢٠٠٧

**ماددەی یەکەم:**

ڕاگرتنی کارپێکردن لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوەی ژمارەی (١٦٣١ لە ٣٠/١٠/١٩٨٠) و (١١٣٣ لە ٢/٩/١٩٨٢).

**ماددەی دووەم:**

دووبارە کار بە سزاکانی دەقنووس لە ماددەکانی (٤٤٠) و (٤٤١) و (٤٤٢) و (٤٤٣) لە یاسای سزاکانی ژمارە ١١١ی ساڵی١٩٦٩ی هەموارکراو دەکرێ پێش ئەوەی ئەو دوو هەموارکراوە ئاماژە پێکراوەی کە لە ماددەی یەکەم لەم یاسایەدا هەبووە کاری پێکراوە.

**ماددەی سێیەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە لە کێشەو داواکانی قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگایکردن یا ئەوەی بڕیاری بنبڕی بۆدەرچووە دەگرێتەوە یا هێشتا پلەی بنبڕی وەرنەگرتوە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی چوارەم:**

ئـــەم یاســـایە لـــە ڕۆژی بڵاوکردنـــەوەی جێبـــەجێ دەکـــرێ ولـــە ڕۆژنامـــەی فەرمی(وەقائعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هـــــەولێر**

٢٢ / نەورۆز / ٢٧٠٧ ی کوردی .

١١ / نیسان /٢٠٠٧ ی زایینی.

٢٣ / ربیع الاول / ١٤٢٨ ی کۆچی.

## هۆکاری دەرچواندنی

لەبـــەر ئـــەوەی ئـــەو بڕیارانـــەی کـــە لـــەم یاســـایەدا ئاماژەیـــان پـــێ کـــراوە لـــەبار ودۆخـــی جـــەنگی شـــوومی عێـــراق وئێـــران دەرچـــوەو لەبـــەر ئـــەوەی هۆکـــارو دۆخەکـــە نـــەماوەو ســـزاکانیش لەگـــەڵ گـــەورەیی تاوانەکـــە لـــە بـــارودۆخی ئاســـایی نـــاگونجێ بۆیـــە ئەم یاسایە دانرا.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی كوردستانی عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە
## بڕیاری ژمارە ( ٤ )لە ساڵی ٢٠٠٧

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە برگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساكاری یەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١١)ی رۆژی (٢٠٠٧/٤/١٨) ی خۆیدا كردویەتی بریارمان دا بە دەركردنی .

## یاسای ژمارە( ٧ )ی ساڵی ٢٠٠٧
## یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای سەندووقی خانەنشینی پارێزەرانی هەرێمی كوردستان ـ عێراق ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩

**ماددەی یەكەم:**

برِگەی (یەكەم) لە (دووەمدا) لە ماددەی شەشەمی یاساكە هەموار دەكرێ ئەمەی خوارەوە جیَ ی دەگرێتەوە.

یەكەم: برِی بەشداریی كردنی ساڵانە بەپێی ماوەی تۆماركردنیان،لە پارێزەران بەم شێوەیەی خوارەوە وەردەگیرێت.

أ- (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار ئەگەر (سیَ) ساڵ بەسەر تۆماركردنی تێنەپەری بێت.

ب- (٤٠٠٠٠) چل هەزار دینار ئەگەر (سیَ) ساڵ بەسەر تۆماركردنی دا تێپەری بێت.

ج-(٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار ئەگەر (پێنج) ساڵ بەسەر تۆمار كردنی دا تێپەری بێت.

د- (٦٠٠٠٠) شەست هەزار دینار ئەگەر(دە) ساڵ بەسەر تۆماركردنی تێپەری بێت.

هـ- (٧٠٠٠٠) حەفتا هەزار دینار ئەگەر (پازدە) ساڵ بەسەر تۆماركردنی دا تێپەری بێت.

و- (٧٥٠٠٠) حەفتا وپێنج هەزار دینار ئەگەر (بیست) ساڵ یا زیاتر بەسەر تۆماركردنی دا تێپەری بێت.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی دووەم:**

ماددەی (١٥) لە یاساكە هەمواردەكرێ وبەم جۆرە دەخوێنرێتەوە:

مووچـەی خانەنـشینی تـەرخان دەكرێـت لـەسـەر بنـەمای (٢٠٠٠) دوو هـەزار دینـار بـۆ هـەر مانگێـك بـۆ مـاوەی خانەنـشینی بـەپێی حوكمـەكانی ئـەم یاسـایە وبـۆ ئـەم مەبەسـتەش بەشـی مانگی دوایی بەمانگی تەواو دادەنرێت.

**ماددەی سێیەم:**

مادده (١٦) لە یاساكە هەڵدەوەشێتەوە ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

دەكرێـت مـافی خانەنـشینی پارێزەرایـەتی وفەرمانبەریـەتی یـا كـاركردن یـا هـەر مـافێكی خانەنـشینی لـە سـندووقێكی تـر بخرێتـە سـەر یـەك بـە مـەرجێك هـەمووی لـە (٧٥٠٠٠٠) حەوت سەد وپەنجا هەزار دینار تێنەبەرێت.

**ماددەی چوارەم:**

برگەی دووەم لە مادده (٢٠) هەڵدەوەشێتەوە وئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:ـ

دووەم: لــە كــاتی ئیعتیرازكردنــی پــارێزەر یــا خانەنــشین لــەلای ئەنجومــەنی وردەكـاریی(١٥٠٠٠) پـازدە هــەزار دینــار وەك یارمتــە لێــوەردەگیرێ وكاتێــك كــە دەركەوت لە ئیعتیرازەكەی خاوەن هەقە ئەوا پارەكەی بۆ دەگەڕێتەوە.

**ماددەی پێنجەم:** ماددەی (٢١)ی یاساكە هەڵدەوەشێتەوە بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

بەدەر لە حوكمەكانی ماددەكانی پێشوو دەستە ئەمانە دەبەخشێ:

١- خێزانـی ئـەو پارێزەرانـەی كـە لـە ئـەنجامی بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی كوردسـتان ـ عـیراق شــەهید بــوون مووچــەیەكی خانەنــشینیان پــێ دەدرێ كــە مانگانــە (٤٠٠٠٠٠)چوارسەد هەزار دینار كەمتر نەبێ.

٢- خێزانــەكانی ئــەو پارێزەرانــەی كۆچــی دواییــان كــردووە لــە دوای كــشانەوەی دەســتەڵاتی مەركــەزی لــە كــارگێڕیی كوردســتان لــە ١٩٩١/١٠/٢٣وە تــاكو دەرچــوونی یاســای ســندووقی خانەنــشینی پارێزەرایــەتی ژمــارە (١٨)ی ســاڵی ١٩٩٩ مووچــەیەكی خانەنـشینیان پێـدەدرێ مانگانـە لــە (٣٠٠٠٠٠) ســێ ســەد هەزار دینار كەمتر نەبێ.

**ماددەی شەشەم:**

حوكمەكانی ئـەم یاسـایە ئـەو پارێزەرانـەش دەگرێتـەوە كـە پێـشتر بـەر لـە جێبـەجێ كردنـی ئـەم یاسایە خانەنشین كراون ومووچەكانیان بەو پێیە هەموار دەكرێ.

ئــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی حەوتەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیاریك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی هەشتەم:**

پێویستە لەسەر وەزیرە تایبەتمەند ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هــــــەولێر**

٢٢ / نەوروز / ٢٧٠٧ ی کوردی .

١١ / نیسان /٢٠٠٧ ی زایینی.

٢٣ / ربیع الاول / ١٤٢٨ ی کۆچی.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیاری ژمارە (٤)لە ساڵی ٢٠٠٧**

**بە پێی ئەو دەسەلاتەی لە برگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکاری یەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٧)ی رۆژی (٢٠٠٧/٤/١١) ی خۆیدا کردویەتی بریارمان دا بە دەرکردنی .**

## یاسای ژمارە( ٨ )ی ساڵی ٢٠٠٧
## یاسای وەزارەتی وەرزش ولاوانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە:

**یەکەم:** هەرێم : هەرێمی کوردستان– عێراق .

**دووەم:**وەزارەت : وەزارەتی وەرزش ولاوانی هەرێم.

**سێیەم:** وەزیر : وەزیری وەرزش ولاوانی هەرێم.

**چوارەم:** بریکاری وەزارەت : بریکاری وەزارەتی وەرزش ولاوانی هەرێم.

**پێنجەم:** لاوان: ئەو توێژەیە کە تەمەنیان لە نێوانی ١٤ تاکو ٣٠ ساڵە.

### - کار و ئەرکەکانی وەزارەت -

**ماددەی دووەم:**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان

**وەزارەت هێنانەدی ئەم ئەرك وئامانجانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:**

www.mojkurdistan.com

**یەکەم**: بلاو کردنەوەی چەمك وپرێنسیپە باشەکانی بزووتنەوەی ئۆلۆمپی ووەرزشی لە کۆمەڵدا.

**دووەم**: بەرزکردنەوەی گرنگی بزووتنەوەی وەرزشی وچالاکییەکانی بە جۆرێك کە رێك بکەوێ لەگەڵ ئامانجەکانی گەلەکەمان لە کوردستاندا.

**سێیەم**: بنیاد نانی مرۆڤ لە ڕووی جەستەیی وپیشەیی وسایکۆلۆجی وپەروەردەیی وکۆمەڵایەتی تاکو ببێتە ئەندامی باش لە کۆمەڵدا لە رێگەی هاوئاهانگی کردن لەگەڵ وەزارەتەکان ولایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمدا.

**چوارەم**: هاوئاهەنگی وهاوکاری کردن لەگەڵ وەزراەتی لاوان ووەرزش لە حکومەتی فیدراڵی بەمەستی خزمەتکردنی بزووتنەوەی وەرزش ولاوان لە هەرێمی کوردستان وعیراقدا.

**پێنجەم**: هاوئاهانگی وهاوکاری کردن لەگەڵ ئەنجومەنی ئۆلۆمپی کوردستان لە پێناوی پەرەپێدانی واقیعی وەرزش لە کوردستانی عیراقدا.

**شەشەم**: دانانی بەرنامەو پرۆگرامی پێویست بۆ خولقاندنی ڕاپەڕینێکی وەرزشی لە هەموو کەرتەکانی وەرزش ولاوان لە هەرێمدا.

**حەفتەم**: کارکردن لە پێناوی فەراهەمکردنی پێویستیەکانی بزووتنەوەی وەرزشی هەر لە یاریگا وهۆل و بینایە وهەرچی بەشداریی بکات لە پەرەپێدانی بزووتنەوەی وەرزشی.

**هەشتەم**: بایەخدان بەلاوانی خاوەن پێداویستی تایبەت ودەست گرتنیان وبەرزکردنەوەی ئاستی هونەریان.

**نۆیەم**: پشتگیریی کردنی یانە ویەکێتییە وەرزشیەکان وتیپە میللیە وەرزشیەکان لە ڕووی ماددی ومەعنەوی بەڕادەیەکی وا بنەمایەی پەرەپێدانی ئاستەکانیان.

**دەیەم**: چاودێری کردنی وەرزشوانان وبەهرەدارو بەتواناکان وپاڵەوانەکان ورەخساندنی بار وریگای گونجاو بۆ بەردەوام بوونیان لەسەر بەخششەکانیان لەوبوارەدا.

**یازدەم**: ئامادەکردنی کادیری هونەریی لەبواری وەرزشی ورێکخستنی شارەزاییان بە دواکارە نوێکان وزانیاری زانستی تازە.

**دوازدە**: بووژاندنەوە وهاندانی وەرزش ویارییە میللیە کەلەپوورییەکانی کوردستان ورێکخستنیان.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان

**سێزدە**: کارکردن لە پێناوی درێژکردنەوەی پەیوەندیی دۆستایەتی وهاریکاری لە نێوان لاوانی هەرێم ولاوانی دیکەی عیراق،لە رێگەی بنیاتنان و بە هێزکردنی

www.mojkurdistan.com

پەیوەنـدیی وەرزشـی لەگـەڵ رێکخـراوو لیژنـە دەوڵەتیـە پەوەندیـدارەکان وکـارکردن لــە پێنـاوی پتـەوکردنی هاوکارییـان لەگــەڵ وەرزشـوان ولاوانـی کوردسـتان لــە ناوەوەو لە دەرەوەی هەرێم دا.

**چواردەم**: رواندنی چـەمکی دیموکراسـی وریزلێنـان لـە مـافی مرۆڤ وچەسپاندنی گیـانی ئینتیمـا لە نێوان لاوان وپەروەردەکردنیان لەسەر خۆشویستنی نیشتمان.

**پـازدەم**: گرنگـی دان بـە وەرزشـی ئافرەتـان وهانـدن وکـارکردن لـە پێنـاوی فراوانکردنـی و پەرەپێـدانی ئاسـتەکانی ورەخـساندنی دەرفـەتی بەشـداریی کردنـی کـارا لــە بەرێوەبردنی کاروباری وەرزش لە هەرێمدا.

**شازدەم**: رەخـساندنی چـاودێریی تەندروسـتی وەرزشـوانان و دوزینـەوەی کـەل وپـەلی پێویـست بۆیان.

**حەڤدەم**: گرنگـی دان بـە بـاس ولێکۆڵینـەوەی پـەروەردەیی ووەرزشـی وسـوود وەرگـرتن لـە ئەنجامەکانی بۆ پەرەپێدانی سیستەمی وەرزشی وبەرزکردنەوەی تواناکەی.

**هــەژدەم**: سەرپەرشــتی کردنــی یانــە وقوتابخانــەی وەرزشــی ولاوان وپــەیمانگا ئەهلیــەکان وئاراستەکردنیان بەپێی سیاسەتێکی پەسندکراو لەلایەن وەرزاەرتەوە.

**نـۆدەم**: بەربــەرەکانی کردنــی بــەکارهێنانی مـاددە گورجکــەرەکان وئەوشـێوازانەی کـە لــە ئاستی نێودەوڵەتییەوە قەدەغەن.

**بیـستەم**: ئاراسـتەکردنی بەپیـشەکردنی وەرزش بەشـێوەیەکی وا کـە لەگـەڵ بـۆ چـوونی حکومەتی هەرێمیی کوردستاندا بگونجێ ، بۆ پەرەپێدانی بزووتنەوەی وەرزشی.

**بیـست ویەکـەم**: بەشـداریی کـردن لـە پەرەپێـدانی هۆیـەکانی ڕاگەیانـدنی وەرزشـی لـە پێنـاو بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەت.

**بیـست ودووەم**: کـارکردن لـە پێنـاوی دابـین کردنـی بەشـداریی کردنـی هـەریمی کوردسـتانی عێـراق لــە کــۆنگرە وبەیەکگەیـشتنەکانی وەرزشــی ولاوان لەســەر ئاســتی هەرێمی وقاڕی ونێو دەوڵەتی وبەشداریی کردن لە چالاکیەکانیاندا.

**بیـست وسـێیەم**: مۆڵەتـدان بەیانـە وقوتابخانـەو پیمانگـا ویاریگـا وهۆڵـەکانی وەرزشـی ئـەهلی دوای وەرگــرتنی رەزامەنــدنی وەزارەتــی نــاوخۆ وبـۆی هەیـە بـەپێی یاسـا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات.

**بیست وچوارەم**: هاندانی کەرتی تایبەت لەبواری وەرزش ولاوان بەپێی یاسا.

**بیـست وپێنجـەم**: هاوکـاری وهاوئاهـانگی کـودن لەگـەڵ وەزارەتـی پـەروەردە بـۆ پـشتگیریی چالاکییەکانی وەرزشی قوتابییان.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**بیــست وشەشــەم:** بڵاوکردنــەوەی بــەهای مرۆڤایــەتی وگیــانی کــارکردنی بەکۆمــەڵ لــە نێــو ریزەکانی وەرزشوان ولاواندا.

**بیــست وحەوتــەم:** کــارکردن لــە پێنــاو بتــەوکردنی بــیری کــارکردنی خۆبەخــشی لــەلای وەرزشوان ولاوندا.

**بیــست وهەشــتەم:** رووانــدن ورەخــساندنی دەرفــەت لەبــەردەم بــە هــرەی زانــستی ورۆشــنبیریی وهونــەریی لــە لای لاوان لــە پێنــاوی شــیاندنی توێــژیکی بــاوەڕ بــەخۆی رۆشنبیرو داهێنەر.

**بیست ونۆیەم:** کارکردن لە پێناوی رێکخستنی بزووتنەوەی لاوانی هوشیار وزیندوو.

## -پێکهاتەکانی وەزارەت-

**ماددەی سێیەم:**

**وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێك دێ:ـ**

**یەکــــەم: وەزیــر:** ســەرۆکی بــاڵای وەزارەتــە وبەرپرســە لــە بــەڕێوەبردنی کارەکانیــدا وسەرپرشــتی وچــاودێری کردنــی چــالاکییەکانی و، لــەوەوە ئــەو بڕیــارو فــەرمان ورێنماییانــە دەردەچــن کــە پەیوەنــدییان بــە ئەرکــەکانی وەزارەت وپێکهاتــەکانی ودەســتەڵات وهــەموو کاروبــارە هونــەری وکــارگێڕیی ورێکــوپێکی بــەپێی حوکمــەکانی یاساوە هەیــە ولەبــەردەم ئەنجومــەنی وەزیــران بەرپرســە بــەوناوەی کــە ئەندامێکی هاوکارە لــەو ئەنجومەنــەدا وبــۆی هەیــە هەنــدێك لــە دەســتەڵاتەکانی بدات بەو کەسە کە لە وەزارەتدا بە گونجاوی دەزانێ.

**دووەم: بریکــاری وەزارەت:** یارمــەتی وەزیــر دەدات لــە ئاراســتەکردنی کاروبــاری وەزارەت وسەرپەرشــتی کردنــی کارەکــانی لــە چوارچــێوەی ئــەو دەســتەڵاتەی کــە وەزیــر پێــی دەدات ودەبــێ بڕوانامــەی بــەرایی زانکــۆی هــەبێت وخــاوەن شــارەزایی وکارامــەیی بێت.

**سێیەم:راوێژکاران:** وەزیــر راوێــژکاری دەبێــت ونــابێ ژمارەیــان لــە چــوار پــتر بێــت ویارمــەتی وەزیــر دەدەن لــە بــەڕێوەبردنی کاروبــاری وەزارەت وجێبــەجێ کردنــی ئەرکــەکانی ئەمەش بەپێــشکەش کردنــی راوێــژ وپێــشنیازی پێویــست بــۆی و، وەزیــر بــەپێی پێویــستی وەزارەت لــە کەســایەتی خــاوەن پــسپۆڕی جیاجیــا هــەڵیان دەبــژێرێ وراســتەوخۆ بــە وەزیرەوە بەستراونەتەوە.

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان

**چــوارەم:نووســینگەی وەزیــر:** فەرمانبــەرێك بــە پلــەی بەڕێوەبــەر ســەرۆکایەتی دەکــات و بــەڕێوەی دەبــات کــە بڕوانامــەی بــەرایی زانکــۆی هــەبێت و چــەند فەرمانبــەرێك

www.mojkurdistan.com

ياريدەى دەدەن.

**پێنجــەم: نووســينگەى بريكــارى وەزارەت:** فەرمانبــەرێك بەپلــەى بەڕێوەبــەر بــەڕێوەى دەبــات كە بڕوانامەى بەرايى زانكۆ هەبێت وچەند فەرمانبەرێك ياريدەى دەدەن.

**شەشــــەم:بەڕێوەبەرايـــەتى گـــشتى ڕاگەيانـــدن وپەيوەندييـــەكان:** بەڕێوەبـــەرێكى گـــشتى ســـەرۆكايەتى دەكــات وبــەڕێوەى دەبــات كــە بڕوانامــەى بــەرايى زانكــۆ هــەبێت وخاوەن شارەزايى وكارامەيى بێت بو ماوەيەك لە (١٠) دە ساڵ كەمتر مەبێ.

**حەوتـــــەم: بەڕێوەبەرايـــەتيى گـــشتى پلانـــدان وبەدواداچـــوون:** بەڕێوەبـــەرێكى گـــشتى ســـەرۆكايەتى دەكــات وبــەڕێوەى دەبات،كــە بڕوانامــەى بــەرايى زانكــۆى هــەبێت وخاوەنى شارەزايى وكارامەيى بێت.

**هەشــتەم: بەڕێوەبەرايــەتيى گــشتيى كــارگێڕيى و دارايــى:** بەڕێوەبــەرێكى گــشتى ســەرۆكايەتى دەكــات وبــەڕێوەى دەبــات كــە بڕوانامــەى بــەرايى زانكــۆ هــەبێت وخــاوەن شــارەزايى وكارامەيى بێت بۆ ماوەيەك لە دە ساڵكەمتر نەبێ.

**نۆيــەم: بەڕێوەبەرايــەتى گــشتى وەرزش ويارييــە ميلـليــەكان:**بەڕێوەبــەرێكى گــشتى ســەرۆكايەتى دەكــات وبــەڕێوەى دەبــات كــە بڕوانامــەى بــەرايى زانكــۆى هــەبێت وخــاوەن شــارەزايى وكارامەيى بێت بۆ ماوەيەك كە لە دە ساڵ كەمتر نەبێ.

**دەيــــەم:**بەڕێوەبەرايـــەتى گـــشتى وەرزش ولاوان لـــە پارێزگاكـــانى هەرێمـــدا:هـــەر يەكـــەيان بەڕێوەبــەرێكى گــشتى ســەرۆكايەتى دەكــات وبــەڕێوەى دەبــات كــە بڕوانامــەى بــەرايى زانكــۆى هــەبێت وخــاوەن شــارەزايى وكارامــەيى بێــت بــۆ ماوەيــەك كــە لــە دە ســاڵ كەمتر نەبێ.

**ماددەى چوارەم:**

وەزارەت ئەنجومەنێكى راوێژكاريى دەبێت ولـەمانە پێك دێت:

١- **وەزير:** سەرۆكە.

٢- وەكيل وەزير: ئەندامە ولەكاتى ئامادەنەبوونى سەرۆك سەرۆكايەتى ئەنجومەن دەكات.

٣- راوێژكارەكان: ئەندامن.

٤- بەڕێوەبەرە گشتيەكانى وەزارەت: ئەندامن.

٥- هەرشارەزايەكى پسپۆڕى لێوەشاوە لەناو وەزارەت يا لە دەرەوەيدا وەزير هەڵى دەبژێرى: ئەندامە

٦- نوێنەرى وەزارەتە پەيوەنديدارەكان لەسەر بانگهێشتى وەزير: ئەندامن.

**ماددەى پێنجەم:**

وەزارەت بــۆى هەيــە پێڕوێكـــى تايبـــەت بــۆ بـــەڕێوەبردنى كاروبــارى يانـــەو يەكێتيـــە وەرزشـيەكان دابـنێ، بـەجۆرێكى وا كـە لەگـەڵ بـۆ چـوونەكانى حكومـەتى هەرێمـدا بگـونجێ بە مەبەستى ڕێكخستن وپەرەپێدانيان.

ئــــەرشيفى ڕۆژنامەى وەقايعى كــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی شەشەم:**

وەزارەت بۆی هەیە گرێ بەست لەگەڵ کەسی سروشتی ومەعنەوی خاوەن شارەزایی وپسپۆڕی لەناو هەرێم یا دەرەوەیدا بکات، تاکو ئەو ئەرك وکارانەی کەپێیان دەسپێردرێ لەوماوەیەی کە بەگونجاوی دەزانێ ئەنجام بدەن لە پێناوی بەجێگە یاندنی ئامانجەکانی وەزارەت وماف وئەرکەکانیان لەلایەن وەزیرەوە دوای وەرگرتی رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەسنیشان دەکرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم:** ئەرك وتایبەتمەندییەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت وتەخسیساتیان بە پێڕەویك دەسنیشان دەکرێن.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی تازە یا بەش یا هوبەکان لەناو پێکهاتەی وەزارەت دابنێ یان لێکیانبدات یاخود هەڵیان وەشێنێتەوە بە پێی پێویستەکانی کار لەکاتی پێویستی دا.

**سێیەم:** وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجی کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزیر بۆی هەیە نوێنەریکی خۆی وەك ئەندامێکی کارا لە ئەنجومەنی ئۆلۆمپی کوردستان دەسنیشان بکات ونوینەرێکیش بۆ بەشداریکردن لە (کونفیدراسیۆن)ی وەرزش ولاوان دابنێ.

**ماددەی نۆیەم:**

وەزارەت بۆی هەیە ساڵانە یارمەتی ماددی بدات بە رێکخراوی وەرزشی ولاوان بەپێی چالاکیەکانی هەریەك لەوانە ورێکخراوەکانیش پێویستە ساڵانە پرۆژە وەرزشی ولاوانەکانیان بەپێی رێنمایی تایبەت بەوەزارەت پێشکەش بکەن بە جۆرێك کە لەگەڵ چەمکی دیموکراسی دا بگونجێ.

**ماددەی دەیەم:**

موڵکایەتی هەموو دەزگا ویاریگا وەرزشیەکانی کە هی وەزارەتەکانی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو کەرتی تایبەت نەبن دەبنە موڵکی وەزارەتی وەرزش ولاوان.

**ماددەی یازدەم:**

کار بەهیچ بەیاسایەك یا بریارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی دوازدەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێزدەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقائیعی کوردستان) بلاّودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هــــــەولێر**

٢٢ / نەورۆز / ٢٧٠٧ ی کوردی .

١١ / نیسان /٢٠٠٧ ی زایینی.

٢٣ / ربیع الاول / ١٤٢٨ ی کۆچی.

**- هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە -**

ســەبارەت لــەو فراوانبوونــەی کــەرتی وەرزش ولاوان و چــاودێری زانــستی لــە هــەرێمی کوردســتانی عیراقــدا ولــە پێنــاوی رەخــساندنی چــاودێری وئاراســتەکردنی پێویــستی ئــەم کەرتــە تــاکو دەوری پێویــستی خــۆی ببــینێ وئــەم وەزارەتــەش لایــەنی بالآیــە لــە کــرداری پەرەپێــدانی کۆمــەلّگا لــە لایــەنی وەرزش ولاوان وبــۆ رۆیــشتنی لەگــەلّ ئــارەزووی حکومــەتی هــەرێم بــۆ رەخــساندنی رێگــەی پــشتگیریی کردنــی پێویــست بــۆ کــەرتی وەرزش ولاوان ، ئــەم یاســایە دەرچوێنرا.

ئـــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی هەرێم
سەرۆك

بەناوی گەلەوە
بڕیاری ژمارە (٤)لە ساڵی ٢٠٠٧

بـە پێـی ئـەو دەسـەڵاتەی لـە بڕگـەی (١) ی مـاددەی (١٠) ی (یاسـای سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان – عێـراق)ی ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ پێمـان دراوەو، بـە پاڵپـشتی ئـەو یاسـاکاری یـەی ئەنجومـەنی نیـشتمانی کوردسـتان – عێـراق لـە دانیـشتنی ژمـارە (١٤)ی ڕۆژی (٧/٥/٢٠٠٧) ی خۆیدا کردویەتی بڕیارمان دا بە دەرکردنی .

# یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ٢٠٠٧
# یاسای دەزگای گشتی کاروباری مین
# لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

## بەشی یەکەم
## پێناسەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەکەم:** هەرێم : هەرێمی کوردستان– عێراق .

**دووەم:**ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**سێیەم:** دەزگا : دەزگای گشتی کاروباری (مین) لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**چوارەم:** سەرۆکی دەزگا : دەزگای گشتی کاروباری (مین) لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**پێنجەم:** ئەنجومەن: ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەزگا.

**شەشەم:** سەرۆکی ئەنجومەن : سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەزگا.

**حەوتـەم:** (مـین) : کەرەسـتەی تەقاندنـەوە، کـە بەشـێوەیەکی ئاسـایی لـە قوتوویـك دا ئامـادە دەکـرێ بـە ئامـانجی کوشـتنی کەسـان وبرینـدارکردنیان وتێکـشکاندنی ئۆتۆمبێـل

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

ووێرانکردنـی موڵـك ومـاڵی دیکـە وبـەهۆی ئـەو کەسـە ، یـان ئـەو ئۆتۆمبێلـەی کـراوە بە ئامانج دەتەقێندرێنەوە، یاخود بەهۆی بەسەرچوونی کات.

**هەشتەم:** کاروبـاری مـین : ئـەو کردەوانـەن کـە لـە پێنـاوی کـەم کردنـەوەیی کاریگـەری ئـابووری وژینگەیی وکۆمەڵایەتی ئـەو مینانـە یـاخود ئـەو بـڕەی کـە نـە تـەقیون ئـەنجام دەدرێـن وئـەو چـالاکییانەش دەگرێتـەوە کـە پەیوەسـتن بـەلابردنی مـین و هوشـیارکردنەوەی خـەڵکی لەمەترسـیەکانی و یاریـدەدانی ئـەو کەسـانەی کـە لـە ئـەنجامی تەقینـەوەی ئـەو مینانـە بوونەتـەقوربانی وتێـك وپێکـدانی یـەدەگی عـەمبار کـراو لـە مـینی نەتـەقیو وهاریکـاریی وبەشـداریی کـردن لـە قەدەغـەکردنی بـەکار هێنـانی (مـین)ی دژە تاکـەکان لەسـەر ئاسـتی دەوڵەتان.

## بەشی دووەم
## دامەزراندن وئامانجەکان

**ماددەی دووەم:**

بەپێی ئـەم یاسـایە دەزگایـەك دادەمـەزرێ پێـی دەگـوترێ (دەزگـای گـشتی کاروبـاری مـین لـە هـەرێمی کوردسـتان ـ عیراقـدا) وبارەگاکـەی لـە هـەولێر دەبـێ فەرمانبـەرێك بـە پلـەی وەزیـر سەرۆکایەتی دەکات وبە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دە بەسترێتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

دەزگا کەسایەتییەکی مەعنەوی وسەر بەخۆییەکی دارایی وکارگێڕی هەیە.

**ماددەی چوارەم:**

ئامانجی دەزگا بەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوەیە:

**یەکـەم:** کـارکردن لـە پێنـاوی پاککردنـەوەی هـەموو ناوچـەکانی هـەرێم لـەو مینانـەی چـێندراون وئـەو تەقەمەنییانـەی کـە لـە جەنگـەکانی پێـشوو دانـراو نەتـەوە ونەتەقیونەتەوە.

**دووەم:** کـارکردن لـە پێنـاوی هوشـنارکردنەوەو رۆشـنبیرکردنی هاووڵاتیـان لـە هەرێمـدا لـە بـارەی مەترسـییەکانی (مـین) لـە رێگـەی هۆیـە جیاجیاکـانی راگەیانـدن وبەرنامـەکانی خوێندن دا.

**سێیەم:** پێشکەش کردنی یارمەتی پێویست بۆ قوربانییەکانی (مین).

**چـوارەم:** هاویکـاری وبەشـداریی کـردن لـە قەدەغـەکردنی بـەکارهێنانی (مـین)ی دژە کـەس

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

وبەشداریی كردن لە كۆنگرە وكۆڕی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بەكاروباری (مین).

**پێنجەم**: هـاو ئاهـەنگی وهاریكـاری كـردن لەگـەڵ ڕێكخـراوو مەڵبەنـدە خـاوەن پـسپۆرییەكانی هاو شـێوەی دەزگـا لـەناو هـەرێم ودەرەوەیـدا بـە جـۆرێكی وا كـە ئامانجـەكانی دەزگـا بێنێتەدی.

## بەشی سێیەم
## پێكهاتەكان ودەستەڵاتەكان

**ماددەی پێنجەم:**

دەزگا لەمانە پێك دێ :ـ

**یەكـەم**: سـەرۆكی دەزگـا: سـەرۆكی بەڕێوەبـەری دەزگایـە ودەبـێ بڕوانامـەی بـەرایی زانكـۆی هـەبێت وشـارەزایی پسپۆریـشی لـەو بـوارەدا هـەبێت وبـەبڕیاری ئەنجومـەنی وەزیـران دادەمزرێت.

**دووەم**: جێگـری سـەرۆكی دەزگـا: دەبـێ بڕوانامـەی بـەرایی زانكـۆی هـەبێت ولـەم بـوارەدا شـارەزا بێـت وجێگـەی سـەرۆك لـەكاتی ئامـادە نـەبوونی دەگرێتـەوەو بـەبڕیاری ئەنجومـەنی وەزیران وبەپلەی تایبەت دادەمزرێ.

**سـێیەم**: بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی كاروبـاری ودارایـی: فەرمانبـەرێك بەپلـەی بەڕێوەبـەری گـشتی سـەرۆكایەتی دەكـات كـە بڕوانامـەی بـەرایی زانكـۆی هـەبێت وخـاوەن شـارەزایی وپـسپۆڕی بێت.

**چـوارەم**: بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی كاروبـاری هونـەری: بەڕێوەبـەرێكی گـشتی سـەرۆكایەتی دەكـات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وپسپۆڕ بێت.

**پێنجـەم**: دەزگـا لەهـەر پاریزگایـەك لـە پارێزگاكـانی هـەرێم بەڕێوەبـەرێكی گـشتی بـۆ كاروبـاری (مـین)ی دەبـێ وهـەر یەكـەیان بەڕێوەبـەریكی گـشتی سـەرۆكایەتی دەكـات كـە بڕوانامـەی بەرایی زانكۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وپسپۆڕی بێت.

**ماددەی شەشەم:**

دەزگا ئەنجومەنێكی كارگێریی دەبێت ولەمانەی خوارەوە پێكدێ:ـ

**یەكەم** : سەرۆكی دەزگا / سەرۆكە.

**دووەم**: جێگری سەرۆكی دەزگا / ئەندامە ولەكاتی ئامادە نەبوونی سەرۆك سەرۆكایەتی ئەنجومەن دەكات.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**سێیەم**: بەڕێوەبەرە گشتیەكانی دەزگا            / ئەندامن.

**چوارەم**: هەر شارەزایەك یان راوێژكارێك سەرۆك دەزگا دەستیشانی بكات لەناو دەزگا یا لە دەرەوەیدا، بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

**ماددەی حەوتەم:**

سەرۆكی دەزگا ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێت:

**یەكەم**: بەڕێوەبردنی كاروباری دەزگا.

**دووەم**: پەسندكردنی موڵەتدانی كاری رێكخراو وكۆمپانیا( ناوخویی وبیانیەكان) ئەوانەی كار لە بواری كاروباری (مین) دەكەن، ولەلای وەزارەتە پەیوەندیدارەكانی حكومەتی هەرێم تۆماركراون.

**سێیەم**: بەستنی گرێبەست لەگەڵ كەس ورێكخراوی ناوخۆیی كەكار لە بواری كاروباری مین دەكەن ولەگەڵ كۆمپانیا ولایەنی بیانی وئەمەش بەرەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت.

**چوارەم**: كاركردن لە پێناوی ئاڵوگۆڕكردنی شارەزایی وزانیاریی لەگەڵ دەوڵەتان ورێكخراوە پەیوەندیدارەكان لە بواری كاروباری مین وئەمەش بەرەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت.

**پێنجەم**: پێشنیازكردنی دامەزراندنی فەرمانبەران لە دەزگادا.

**شەشەم**: پەسندكردنی قەرەبووكردنەوە بۆ ئەو هاوكارانەی دەزگا كە تووشی پێكان یان مردن دەبن لە ئەنجامی جێبەجێ كردنی ئەركی سەرشانیان یان بەهۆیەوە.

**حەوتەم**: دەرچوواندنی رێنمایی پێویست بۆ ئاسانكاری جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**هەشتەم**:سەرۆك بۆی هەیە بەشێك لە دەسەڵاتەكانی بەجێگرەكەی یا بەڕێوەبەرە گشتیەكانی دەزگاكە بسپێرێت.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەنجومەنی كارگێریی ئەم كارو تایبەتمەندییانەی خوارەوەیان دەبێ:ـ

**یەكەم**: ئامادەكردنی هەموو زانیارییەكی پەیوەندیدار بە كاروباری (مین) ودەستنیشانكردنی گرنگترینیان لە بواری نەهێشتنی (مین) دا.

**دووەم**: كاركردن لە پێناوی هاو ئاهەنگی ورێكخستنی پرۆسەكانی لابردنی (مین) لەگەڵ هەموو فەرمانگە ودەزگا حكومەتیە پەیوەندیدارەكان لە حكومەتی هەرێمدا.

**سێیەم**: نەخشەكێشانی سیاسەتی گشتی دەزگا لە مەیدانی كاروباری مین لە چوارچێوەی حوكمەكانی ئەم یاسایەدا.

**چوارەم**: ئامادەكردنی راپۆرتی ساڵانە وبەرزكردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران كە هەموو

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

چالاكی وكاری جێبەجێ كراو وكێشە وپێشنیازەكانی دەزگای تێدا دیاری دەكرێت.

**پێنجەم:** دانانی پلانێكی ساڵانە و پێنج ساڵی ودرێژ خایەن بۆ دەزگاكە.

**شەشــەم:** ئامــادەكردنی بودجــەی گــشتی دەزگاكــە وبەرزكردنــەوەی بــۆ ئەنجومــەنی وەزیــران بــۆ پەسندكردنی.

**ماددەی نۆیەم:**

**یەكــەم :** كۆبوونــەوەی ئەنجومــەن بەســەرۆكایەتی ســەرۆكی دەزگــا دەبێــت ولــە كــاتی ئامــادە نەبوونی دا جێگرەكەی جێی دەگرێتەوە.

**دووەم:** ئەنجومــەن بــە شــێوەیەكی ئاســایی بــە بانگهێــشتی ســەرۆكی دەزگــا هــەر ســێ مــانگ جارێــك بــەلانی كــەم كۆدەبێتــەوە لەســەر داوای ســەرۆك یــا لەســەر داوای ســێیەكی ئەندامانی وگەر پێویستیشی كرد بەشێوەیەكی نائاسایی كۆدەبێتەوە.

**ســێیەم:** ڕادەی یاســایی ئەنجومــەن بــە ئامــادەبوونی زۆرینــەی ئەنــدامانی تــەواو دەبێــت وبریارەكــان بــە زۆربــەی دەنگــی ئامــادەبووان وەردەگــیرێ ولــە كــاتی یەكــسانی بــوونی دەنگەكان ئەوا ئەو لایەنە پەسند دەكرێت كە سەرۆك دەنگی تێدا داوە.

## بەشی چوارەم
## حوكمەداراییەكان

**ماددەی دەیەم:**

داهاتەكانی دەزگا لەمانەی خوارەوە پێكدێ:ـ

**یەكــەم :** ئــەو پارانــەی كــە حكومــەتی فیــدرال وحكومــەتی هــەرێم لــە بودجــەی گــشتی بۆی تەرخان دەكات.

دووەم : ئــەو بەخــشین وپیتاكانــەی كــە رێكخــراوە نیودەوڵەتیــەكان ورێكخــراوە ســەر بــە نەتــەوە یــەكگرتووەكان ورێكخــراوە دەولــەتی ونــا حكومیــەكان بــۆ هــەرێمی تەرخان دەكەن.

سێیەم: ئــەو بەخــشش ویارمەتیــە خــۆ جێیانــەی كــە بــۆی دیــت بەمــەرجێك بیــانی بــن وبەرەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران بێت.

ئــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كــــــوردستان

**ماددەی یازدەم:**

www.mojkurdistan.com

دەزگا لەباج ورەسمەکان دەبووردرێ.

**مادده دوازدەم:**

**یەکەم:** لە وەرگرتنەوەی قەرزەکانی دەزگا ، یاسای وەرگرتنەوەی قەرزەکانی حکوومەت پیادە دەکرێت.

**دووەم** : ژمێریاریی دەزگا دەکەوێتە بەر پشکنینی چاودێری دارایی.

## بەشی پێنجەم
## حوکمەکۆتاییەکان

**ماددەی سێزدەم:**

دەزگا مافی ئەوەی هەیە، کەس یان ئەو لایەنانەی کە بێ مۆڵەت ورەزامەندیی فەرمی دەچنە ناو کێڵگەکانی مین، هەروەها ئەو لایەنانەی نیشانە دیاریکراوەکان بۆ نیشانکردنی ناوچەپیس بووەکان بە (مین) دەگۆڕن بداتە دادگا بەوناوەی کە ئەو نیشانانە لە موڵك ومالی هەرێمن.

**ماددەی چواردەم :**

دەزگای بۆی هەیە:ـ

**یەکەم**: دەرماڵەی مەترسی بۆ فەرمانبەرانی دەزگا تەرخان بکات بە پێی سروشتی کاری هەر یەکێکیان وڕادەی کاریگەریی راستەوخۆ وناراستەوخۆ.

**دووەم** : دڵنیایی کردنەوەی هاوکارانی دەزگا لە دژی مەترسی رووداوی (مین) ولەکاتی پرۆسەکانی کاروباری (مین)دا.

**ماددەی پازدەم:**

خزمەتکردن لە رێکخراوەکانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان ورێکخراوە ناوخۆیی وخۆجێیەتی وبیانی کە کار لە بواری کاروباری (مین) لە هەرێمدا دەکەن بۆ مەبەستی خزمەتی فرمان بۆ کارمەندانی دەزگا حیساب دەکرێت.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان

**مادده شازدەم:**

سەرۆکی دەزگا بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی

www.mojkurdistan.com

حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**مادده حەڤدەم:**

کاربـــەهیچ دەقێکـــی یاســـایی یـــا بڕیاریـــك نـــاکرێ گـــەر لەگـــەڵ حوکمـــەکانی ئـــەم یاسایە ناکۆك بێت.

**مادده هەژدەم:**

پێکهاتەکانی دەزگا بەپێرەو دەسنیشان دەکرێن.

**ماددەی نۆزدەم:**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیستەم:**

ئـــەم یاســـایە لـــە ڕۆژی دەرچـــوواندنیەوە جێبـــەجێ دەکرێـــت ولـــە ڕۆژنامـــەی فەرمی(وەقائیعی کوردستان) بڵاوده کرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هـــــەولێر**

٢٢ / نەورۆز / ٢٧٠٧ ی کوردی .

١١ / نیسان /٢٠٠٧ ی زایینی.

٢٣ / ربیع الاول / ١٤٢٨ ی کۆچی.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## - هۆيەكانی دەرچوواندنی ئەم ياسايە -

لەبـەر ئـەو بارودۆخـە نائاسـاييەی كـە عـيراق بەگـشتی وكوردسـتان بەتايبـەتی پێـدا تێپـەڕين كە خۆی لـە حكوومەتـە دكتاتۆرييـە يـەك لـە دوای يەكەكانـدا دەنوانـد، بەتايبـەتی رژێمـی بەعـسی لـە ناوچـوو بـەهۆی هەلگيرسـاندنی چـەندەها جـەنگ لـە دژی گـەلی كوردسـتان وهەلمەتـەكانی جينۆسـايد، جگەلـە جـەنگی عێـراق - ئێـران وئـەوەی لێيـان كەوتۆتـەوە لـە بـلاو بوونـەوەی كێلگـەی مـين وتەقەمـەنی لـە گـەلێك شـوێنی هـەرێم دا بـە شـێوەيەكی چـڕ، ئەمانـەش بـوو نەتەمايـەی دروسـتكردنی مەترسـی گـەلێك ترسـناك وتراژيـدی بـۆ هاوولاتييـان وبـۆ ئـەوەی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان بتـوانێ ئـەو ئەركەكانـەی سـەر شـانی بەرامبـەر بـەو مەترسـيانە جێبـەجێ بكـات وئاسـانكاريی بـۆ كـاری رێكخـراوە نێـو دەولـەتی وحكومەتييـەكان بكـات بـۆ بەشـداريی كـردن لـەم مەيدانـە پڕبايـەخ وزينـدووە ولـە پێنـاوی پاككردنـەوەی هـەرێم لـەو كەرەسـتە ترسـناكانەو لـە دواييـشدا دوورخـستنەوەی هوولاتييـان لەمەترسـييەكانی، ئـەوەش مەيدانەكـە لەبـەردەم پرۆسـەی گەشەسـەندن وپەرەپيـدانی ژێرخـانی هـەرێم فـەراوانتر دەكـات، بۆيە ئەم ياسايە دەرچووێنرا.

ئـــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**

**بەشی کار و باری یاسایی**

# ڕێنمایی ژمارە ( ١ ) بۆ ساڵی ٢٠٠٧
# دەستەدانەی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**پشت بە بەندەکانی ماددەی (٢٣) لە یاسای کار ژمارە (٧١) ساڵی ١٩٨٧ بڕیاری دەرچوونی ئەو ڕێنمایانەی خوارەوەمان دا :**

**ماددەی یەکەم .**

**یەکەم** : **بیانی** : هەر کەسێك ڕەگەز نامەی عێراقی هەڵنەگرتبێت و بیەوێت کار بکات لە هەرێمی کوردستان بە پیشەی کرێکار لە کەرتەکانی تایبەت و تێکەڵاو و هەرەوەزی .

**دووەم** : **کار** : هەر کارێك ئەنجام بدرێت لە لایەن کەرتەکانی تایبەت و تێکەڵاو و هەرەوەزی .

**سێهەم** : **مۆڵەتی کار** : بەڵگەنامەیەکی فەرمیە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەردەچێت بە پێی نموونەی هاوپێچ لەگەڵ ئەم ڕێنماییە .

**ماددەی دووەم .**

مۆڵەتی کار لە لایەن وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی یان ئەو کەسەی سەرپشك دەکرێت لە لایەنیەوە دەبەخشرێت لە دوای فەراهەمبوونی ئەو مەرجانەی کە لەم ڕێنماییەوە هاتوون .

**ماددەی سێهەم .**

خاوەن کار لە کەرتەکانی تایبەت و تێکەڵاو هەرەوەزی بۆی نیە کرێکاری بیانی کار پێبکات ئەگەر مۆڵەتی کار وەرنەگرێت بە پێی مەرج و ڕێکارە دیاری کراو ەکانی ئەم ڕێنماییە .

**ماددەی چوارەم :**

لەکاتی دەرچوونی مۆڵەتی کار پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت :

**یەکەم** . چەندین پێویستی هەرێمی کوردستان بە دەستە کاری بیانی هەیە لە سەر ڕۆشنایی داخوازی بازاری کارو بە پێی پێویستەکانی پارێزگاکانی هەرێم لە پاش دڵنیابوون لە لایەن بەرێوەبەرایەتیەکانی بەکار خستن .

**دووەم** . پشتگیری فەرمانگەی ئاسایشی تایبەت تاوەکو ڕێگری ئاسایشی نەبێت بۆ بەکار خستنی کرێکاری بیانی .

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی پێنجەم :**

ماوەی مۆڵەتی کار یەك ساڵە و نوێ دەکرێتەوە بە پێی پێویستی لەگەڵ ڕەچاو کردنی ناوەرۆکی لە ڕێنماییەکە ، کرێکاری بیانی دەبێت لە ڕێگای خاوەن کار داوای نوێ کردنەوەی مۆڵەتەکەی بکات بەلایەنی کەم بەر لە مانگێك لە ڕێکەوتی بە سەراچوونی .

**ماددەی شەشەم :**

**یەکەم**:لە سەر کەسی بیانی لە دەرەوەی هەرێم کە دەیەوێت کار بکات لە هەرێم پێویستە ئەم ڕێکارانەی خوارەوە بگرێتە بەر بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی کار کردن :

أ. داواکاریەکی نوسراو بۆ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی پێشکەش بکات لە ڕێگەی نوێنەرایەتی عێراق لە دەرەوە یان بریکارە فەرمیەکەی لە عێراق یان بە ڕێگەی خاوەن کار کە دەیەوێت بە کاری بخات.

ب. پێویستە داواکاریەکە سەرجەم زانیاریەکان بگرێتە خۆ کە پەیوەنددارن بە شیاوی کرێکار ، پشت بە بڕوانامەو ئەو بەلگەنامەی کە هەیەتی لەگەڵ دیار کردنی ناو و ڕەگەز و جۆر و ماوەی کار لەگەڵ ناو نیشانی خاوەن کار

ت. بەڕێوەبەرایەتی بەکار خستن لە پارێزگاکان هەڵدەستێت دڵنیابوون مەرجە یاساییەکان و وەرگرتنی ڕەزامەندی کار کردن لە هەرێم لە دوایدا دواندنی لایەنی پەیوەندی دار بۆ بەخشینی کارتی فیزا بۆ کەسی بیانی ، کە هاتە ناو هەرێم دەبێت سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ناوبراو بکات لە ماوەی حەوت ڕۆژ لە ڕۆژی هاتنە ناوەوەی هەرێم بۆ مەبەستی ناو نووس کردن و تەواو کردنی ڕێکاری مۆڵەت وەرگرتن .

**دووەم** : ئەو بیانیەی کە لە ناو هەرێمەو دەیەوێت کار بکات لە هەرێم دەبێت ڕەچاوی ئەم ڕێکارانە بکات بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کار :

أ. پێشکەش کردنی بەلگەنامەی یاسایی کە ئاماژە دەکات بە هاتنە ناوەوەو جێ نشین بوونی لە هەرێم بە شێوەیەکی ئاسایی یاخود ڕەوا .

ب. داواکاریەکی نوسراو پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی بەکار خستن لە پارێزگاکان بکات یان بە ڕێگەی ئەو خاوەن کار ەی کە دەیەوێ کاری پێ بکات لە لای خۆی . .

ج. پێویستە داواکاریەکەی سەرجەم زانیاری پەیوەندیدارەکان بگرێتە خۆ ئەویش بە دڵنیابوون بە بڕوانامەو دۆکۆمنێت کە هەیەتی لەگەل دیار کردنی ناو و ڕەگەز و جۆر و ماوەی کارو ناونیشانی خاوەن کار .

**سێیەم :**

